کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-8-2007 23:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جەلال ڕەئووف ئەمین، چون دەمت هێنای لەسەر شێخی کەسنەزان قسە بکەیت ... ڕەوەز حەمەجاف

جەلال رووف ئەمین لە م سایتەدا ئەگەر ناوی خۆیەتی یان خوازراوە لەسەر شیخ محەممەدی کەسنەزانی قسە ئەکات تاوانباری ئەکات ئەگەر بۆی بکریت هەر لەم سایتەوە رۆکیتیکی جەلال – جەلالیشی پیوە ئەنیت بەلام ئەم پیاوە زۆر بە پیچەوانەی قسەکانی ئە م جەلالەوە یە پیاویکی نازداری ئەم میللەتەیە چونکە عیززەتی نەفسی هەیە هەیبووە و ئەشیبیێت پارەی هەبووە و ئەشیبیێت لەبەر ئەوە پیویستی بە سەدام حسین نەبووە بە گەورەکانی سەدام حسینیشی نابیت لە هەموو میللەت و ئاینیك رابەری رۆحیان هەیە بوزی-بەهائی-مۆرمون-میشنەری-و ئەوانی تر شیخ سەرۆکی تەریقەتی قادریە لە دنیا سەرۆکی موریدە ئیسپانی و ئیتالی و ژاپۆنی و فەرەنسی و ئەمەریکی و کوردو عەرەب و ... هتد پەیامەکەی باوانی جیبەجی ئەکات شوین و دەنگو سەنگی خۆی هەیە لە دنیادا کابرا لە و پەری دنیاوە دیت بۆ ئەوەی تۆزیك بەرامبەری شیخ راوەستێت تیاندا خاوەنی بروانامەی بەرزن –شتن لە ریکخراو و دامەزراوی گەورەی دنیا –لە پەرلەمانی دنیا ئەم پاوە گەورەیەی کورد وەك ئەلین قەدری زیر لای زەرەنگەرە پیاوی زیر دەچیتە خزمەتی من باسی خویدەواریەکەیت بۆ بکەم یان کوردایەتیەکەی؟ باسی شەخسیەتە بەرزەکەیت بۆ بکەم یان بی فیزی و خۆش خوانیەکەی؟ باسی سەلاریەکەیت بۆ بکەم یان هیمنییکەی بروا بکە نە کەسی ئەوم نە نزیکیم نە دەرویشم بە خوێ ی چیشتیش ناگەم پیی بە مەرگی هەموو شەهیدانی ئەم کوردستانە بەلام پیاو سەری ئە ئتوسێ لە هەلبەستن و ئەم عادەتە جوانەی ئیمە کوتایی نایە و زۆر کەسیش بە م نەخۆشیەی تۆ و ئەمسالی تۆ نەك ناوی پیس نەبووە بەلکو گەورە تر ئەبن تۆ بچیت چارە سەری خۆت بکەی باشتر نیە برام؟ شیخ محەممەدی کەسنەزانی بە تۆ و هەزار دەزگا بچوك نابیتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.